# گەنجێک لەسەر سوننەت ڕاوەستاوە، بەڵام باوکە شیعەکەی دەیەوێت لەسەر ڕێگای هیدایەت لایبدات، ئێوە ئامۆژگاریتان چیە بۆی ؟

< كوردي >

شێخ محمد صالح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# شاب استقام على السنَّة، ووالده الشيعي يريد صدَّه عن الهداية، فبم يُنصح؟

< كردي >

محمد بن صالح المنجد

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# گەنجێک لەسەر سوننەت ڕاوەستاوە، بەڵام باوکە شیعەکەی دەیەوێت لەسەر ڕێگای هیدایەت لایبدات، ئێوە ئامۆژگاریتان چیە بۆی

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەلام کراوە:

**پرسیار:** من گەنجێکی تەمەنم پانزە ساڵم وتازە پابەند بووم بە ڕێنماییەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، تاکە سەرچاوەیش کە ئاینەکەمی لێوە فێربsم ماڵپەڕە ئیسلامیەکانە لەتۆڕی ئینتەرنێت، بۆ نمونە وەك ماڵپەڕەکەی بەرێزتان، هەروەها کەسێکیش نیە دەستم بگرێت و بمبات بۆ مزگەوت، کە تەنها پێنج میل لەو جێگایەوە دوورە کە منی لێ نیشتەجێیە، ڕۆیشتنیش بۆ ئەو جێگایە زۆر مەترسیدارە، سەرەڕای ئەمەش باوکم دەیەوێت واز لە بەکارهێنانی ئینترەنێت بهێنم بۆ ئەوەی گرنکی زیاتر بە خوێندنەکەم بدەم، هەروەها پێیشی ناخۆشە کە سەردانی ماڵپەڕەکەی ئێوە بکەم و شتی لێوە فێربم، چونکە باوکم شیعە مەزهەبە، و پێم دەلێت : گوایە مەبەستی ئێوەیە کە دەماغی من دەشۆرنەوە، وە زۆر سوورە لەسەر ئەوەی کە من گەردنگیری مەزهەبی شیعە ببم، تەنانەت شێوازی ئەو نوێژ کردنەی کە ئەو ئەنجامی دەدات تەواو جیاوازە لە نوێژی سەرجەم موسڵمانان، جا ئێستا من نازانم چی بکەم، وە ئایا ئامۆژگاری ئێوە چیە بۆ من ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام:** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

**یەکەم :** سوپاسی خوای گەورە دەکەین کە تۆی موەفق کردووە لەسەر هەق وڕاستی ئەی بێچووە شێر، وە داواکارین لە خوای گەورە کە دامەزراوت بکات و موەفقت بکات لەسەر هەموو خێرێك، ئەوە بزانە کە تۆ لە نیعەمتێکی هێجگار گەورەدایت، ئەگەر تەواوی تەمەن و ماڵ وسامانیشت لە پێناویدا سەرف کردبێت، ئەوە بزانە هێشتا هەر زۆر کەمە، ئایا دەزانیت لەم جیهانەدا کە چەند ملیۆن کەس هەن لەو کەسانەی کە لەسەر مەزهەبەکەی باوکتن کە دار و بەرد دەپەرستن، ئایا تۆ دەزانیت کە ئەوانە هەموویان باوەڕیان وایە کە قورئانی پیرۆز گۆڕاوە و دەست کاری کراوە، وە جگە کەمێکیان نەبێت ئەگینا هەموویان هاوەڵانی بەرێزی

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەکافر و بێباوەڕ دەزانن، وە ئایا دەزانیت ئەوانە شیرك و هاوەڵ پەیداکردنی سەردەمی نەفامیان زیندوو کردەوەتەوە، نەك هەر هیندە بەڵکو چەند وێنە و شێوازێکی نوێیشیان داهێناوە لە شیرك و هاوەڵ بڕیاردانەدا بۆ خوای گەورە .

ئێمە تەنها بانگەوازی خەڵکی بۆ ئەوە دەکەین کە خوای گەورە بە تاك و تەنهایی بپەرسترێت، هەروەها بانگهێشتی تۆش هەر بۆ ئەوە دەکەین کە ڕێز و شکۆی پێغەمبەری خوات ( صلى الله عليه وسلم ) لابێت، وە بەهیچ شێوەیەك تانە و تەشەر لە هاوەڵان و شەرەف و ناموسیان نەدەیت، هەروەها هاوەڵانمان خۆش بویت و هەرکاتێکیش ناویان هێنرا ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەیان بۆ بنێرین، وە هەروەها بە خۆشویستن و پشتیوانیمان بۆیان خۆمان لەخوای گەورە نزیك بکەینەوە، بە تایبەتی ئەهل وبەیتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) خۆشمان بوێن و وەلامان هەبێت بۆیان، و بەو خۆشویستن وولا بونەمان بۆیان لە پەروەردگار زیاتر نزیك ببینەوە .

**دووەم :** سەبارەت بە باوکیشت ئامۆژگاریت دەکەین بە :

1) هەتا دەتوانیت بە نەرم ونیانی لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکە.

2) خزمەتی بکە، لەم پێناوەشدا هیچ کەم وکورتی مەکە، وبەخیلی ورژدی مەنوێنە لە چاکە و ئیحسان کردن لەگەڵیدا و یارمەتیدەرێکی باشی بە.

3) زۆر گرنگی بدە بە خوێندنەکەت و بەهیچ شێوەیەك کەمتەرخەم مەبە، نەوەك خوا نەخواستە ببێت بەهۆی زیاندان لە ئاینەکەت، چونکە ئەوەی ئێمە حاڵی بوبین لە نامەکەت ئەوەیە باوکت دەیەوێت بابەتی خوێندنکەت بکات بەهۆی ئەوەی ڕێگریت لێ بکات لەوەی تۆ سەردانی ماڵپەڕەکەی ئێمە یان هەر ماڵپەڕیکی تری بەسوود بکەیت، لەبەر ئەوە مەسئەلەکەی لا گەورە بووە، بۆیە پێویستە لەسەر بەرێزت زۆر بە ( جدي ) سەرگەمی خوێندنەکەت بیت وپلە ونمرەیەکەی باش بەدەست بهێنە، بۆ ئەوەی تەواوی ڕێگاکانی شەیتان دابخەیت کە دەیەوێت لەڕێگایەوە باوکت هان بدات لێت و تاوەکو بیکات بە بیانویەك بۆ ڕێگرتنی هیدایەت لێت .

4) لەبەردەم باوکت هەرگیز هەوڵ مەدە سەردانی ئەو ماڵپەڕە ئیسلامیە بەسوودانە بکەیت، هەروەك لەبەردەم باوکتدا ئیلتزامت بە مەزهەبی ئەهلی سونەت و جەماعەتەوە بەدیار مەخە، بە پلەی زیاتر دەبێت

بەهیچ شێویەك لەم قۆناغەدا دەمەقاڵێ و موجادەلەی لەگەڵدا نەکەیت لەسەر کارە خێرەکان، چونکە وەها کارێك دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێگری هیدایەتت لێ بکات .

5) نزا ودوعای خێر بۆ باوکت و تەواوی کەسوکارت بکە کە خوای گەورە هیدایەتیان بدات، وڕێگای ڕاستی و هەقیان پێ نیشان بدات، وە هــەوڵ بدە نزاکانت بۆیان با لە سوژدە، یان لە سێ یەکی کۆتایی شەوەوە بیت .

6) کۆتا ئامۆژگاریشمان ئەوەیە، زۆر بە حیکمەت لەگەڵ باوکتدا هەڵسوکەوت بکە، تەناتەت ئەگەر هاتوو باوکت وویستی فێری نوێژیشت بکات لەسەر شێوازی مەزهەبی شیعی و نەتوانی بەرپەرچی بدەیتەوە لێی وەربگرە، و لەبەردەم ئەودا وا پیشان بدە کە گوێڕایەڵی ئەویت، بەڵام لەسەر شێوزای سونەتەی سەحیح جێ بەجێی بکە، ئەوەی پەیوەندی بە هەیئاتەکانەوە هەیە (وەك دەست گرتن و ... ) إن شاء الله کارێکی ئاسانە، چونکە تۆ حوکمی کەسی زۆرلێکراوت هەیە، چونکە ئێستا تۆ لە تەمەنێکدایت ناتوانیت لە باوکت جودا ببیتەوە، ئارام بگرە و دان بەخۆتدا بگرە تا ئەو کاتەی هەلی جودا بونەوەت بۆ دەڕەخسێت، تا ئەو کاتەش بەڵکو خوای گەورە هیدایەتی باوکیشت بدات، ئیتر پێویست بەوە نەکات لێی جودا ببیتەوە، وە یان ئەگەر نا لە پێناو پاراستن وپارێزگاری کردن لە ئاینەکەت لێی جودا ئەبیتەوە .

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام.